مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٢ حزيران ٢٠١٧: ص ص ١٧٢-١٨٧
DOI: 10.21928/juhd.20170610.07, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# زمانی فەرمی و پێگەی زمانی کوردی لەنێو زمانە جیهانییەکاندا*

**هاشم ئەمین**
**ماستەر لە زمانناسی گشتی–زانکۆی تاران**

**پوختە**

زمان دیاردەیەکی کۆمەلآیەتییەو ئامرازێکە بۆ ناساندن و بەرەو پێشبردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لەنێوان دەنگ و رەنگە جیاوازەکان، خالّی جیاکەرەوەی گرنگی نێوان زیندەوەران بەگشتی لە دوای ئاوەز زمانی قسەکردنە، ئەگەر لەرابردودا دەولّەت هێمای ناساندنی نەتەوە بووبێت، ئەوا لە ئێستادا زمان بووەتە ناساندنی نەتەوە. زۆرن ئەو زمانانەی کە خاوەنی پێگەو کلتورو فەرهەنگن و لەچوارچێوەی دەولّەتیشدا رێکنەخراون، بەلاّم زمانەکەشیان هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە، لەکۆی ئەو (٧١٠٢) زمانەی ئەمڕۆ لەجیهاندا هەیە، (٦٠٠٠) زمان کە قسەی پێدەکرێت مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، لەنێو ئەم ژمارە زۆرەی زماندا زمانی کوردی لەریزبەندی زمانە پارێزراوەکاندایەو نەوە دوای نەوە زمانەکەی گواستووەتەوەو لەو شەش ئاستەی کە یونسکۆ بۆ پاراستنی زمانەکان دایناوە زمانی کوردی لەریزبەندی ئاستی یەکەمدایە بۆ پاراستنی زمانەکەی، ئێستا زمانی کوردی خاوەن کۆدی ژمارە (٣٤٢)ە لەنێو (١٤٣) زمانی زیندوی جیهاندا کە لەلایەن دەزگای جیهانی (ETS)ەوە بە فەرمی ئاماژەی پێکراوە، زمانی کوردی پێگەیەکی دیاری لەنێو زمانە چالاکەکانی جیهاندا هەیەو لە کۆی ئەو (٨٨–١٠٠) زمانەی کە لە (٨٠٪)ی دانیشتوانی زەوی قسەی پێدەکەن زمانی کوردی توانیویەتی لە ریزبەندی نیوەی یەکەمی ئە زمانانەدا بێت و وەك زمانێکی دیار لەنێو پێگەی زمانناسی جیهانیدا بناسرێت، هەڵبەت ئەمە لەسەر ئاستی جیهانی. لەسەر ئاستی ناوخۆش زمانی کوردی لەدوای زمانی عەرەبی وەك دووەم زمانی رەسمی نەك تەنها لە ناوچە کوردییەکاندا، بەلّکو لە سەرتاسەری عیراقدا ناسێنراوە، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری رەخساندوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم زمانە لە قالّبێکی نوێدا خۆی دابڕێژێتەوەو بتوانرێت هەنگاو بەرەو دروستکردنی زمانی ستاندارد بنێت، یان ئەگەر لەم قۆناغەشدا نەتوانرا ئەو هەنگاوە بنرێت، ئەوا دەتوانرێ زمانێکی نوسینی یەکگرتوو پەیڕەو بکرێ و لە چوارچێوەی سیاسەت بهێنرێتە دەرەوەو چیدی ناوچەگەری و شێوەی جیاوازی دیالێکتەکان بە لێکۆڵینەوەی زانستی یەکلایی بکرێتەوە بۆ بونیادنانی زمانی ستاندارد، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە شەنوکەوی زمانی فەرمی و پێگەی زمانی فەرمی کوردی و نزیکبوونەوەی لە زمانی ستاندارد و ئاماژە بە زمانە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی هەندێ لایەنی زمانیی چەند زمانێکی جیاوازو نزیکیی لە زمانەکاندا بخرێتەڕوو.

* ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە لە چوارەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەولەتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی / نیسان ٢٠١٧

## ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە زمانی فەرمی کوردی و پێگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندە مێژوییە پەرتوبلاوەی زمانی کوردی کە بە چەند دیالێکتێکی جیاواز مێژوی پێ نوسراوەتەوە، هەنوکە هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی کوردییە کە زەمینەیەکی مێژویی لەباری هەیە بۆ ئەوەی زمانی فەرمی کوردی بەرەو زمانی ستاندارد هەنگاو بنێت.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەمڕۆ لە جیهاندا زمان بووەتە هۆکاری ناساندن و ناسنامەی نەتەوەو زماناسان و شارەزایانی بواری زمان هەر ڕۆژەو لایەنێکی دیکەی زمان کەشف دەکەن و ئەوەی چۆمسکی پێی دەڵێت دەستوری جیهانی (UG) بووەتە هۆی لێکنزیکبوونەوەو دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێو ئەو زمانانەی کە لە یەك خێزانن و بەپێی چەند پێوەرێکی زانستی ریزبەندی کراون، لە ریزبەندییە زانستییەکاندا زمانی کوردی پێگەیەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە کورد وەکو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت زمانەکەی بە فەرمی ناسراوەو خاوەن کۆدی خۆیەتی لە ریزبەندی زمانە زیندوەکانی جیهاندا جێگەو پێگەی خۆی هەیە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە، تێیدا ئەوە دەخرێتەڕوو کە زمانی فەرمی چیەو چۆن زمانی فەرمی فرە دیالێکت دەبێتە زمانی نوسین و زمانی ستاندارد؟ هەروەها تیشك خستنەسەر پێگەی زمانی کوردی، کە چۆن لە سەرچاوە بیانییەکاندا ئاماژەی پێکراوەو لە چ ئاستێکدا ئەژمار کراوە؟ ئایا زمانی کوردی بووەتە زمانی لێکۆڵینەوە لەنێو بلاوکراوە جیهانییەکاندا، تاوەکو لە ریزبەندی زمانی زانستی ئەژمار بکرێت؟

## زمان و ناساندنی زمان

ڕەنگە پێناسەو لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی زمان کرابێت و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت زمانناسان لەسەر یەك پێناسە ڕێکنەکەوتون، بەڵام هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە فەلسەفەی زمان بۆ درێژەپێدانی پەیوەندی[1] و لێکتێگەیشتنە. "دەستەبەربوونی ئەم پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەش بەهۆی زمانەوەیەو هەر زمانێکیش تایبەتمەندی و شێوەی جیاجیای هەیە، ئەمەش وایکردوە لێکدانەوەی جیاواز بۆ زمان بکرێت کە هەموو زمانەکانیش لەیەك خاڵدا هاوبەشن. چۆمسکی پێیوایە زمان کۆمەڵە رستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات"[2]. ساپیر دەڵێت "زمان هۆیەکی ناغەریزی و تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزەوە لەسەر یاسا ڕۆیشتوەو کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە[3]"، "زمان فەرمانگەیەکە خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی لەدەست خۆیدایە، لەڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا کار دەکەن و لەیەکتر تێدەگەن"[4].

[1] communication

[2] محەمەد مەعروف فەتاح (د)، زمانەوانی، دار الحکمە، بەغداد ل ٥.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

[4] محەمەدی مەحویی، (د)، زمان و زانستی زمان، ... بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١١.

لێکدانەوەو ناساندنی زمان جۆراو جۆرێتی تێدایەو زمان ئامرازو هۆکاری پەیوەندی مرۆڤە چ بە دەربڕین، نوسین، یاخود زمانی جەستەو نیشانە بێت، (زمان سیستمێکە لە نیشانە[1] لە خۆوە لەسەری رێکەوتوین و توانای دابەشکردنی هەیە، تاکە کەس وەك ئامرازێك بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی و بۆ پەیوەندی کردن بە کەسانی دیکەوە لەرێگەی ئاخاوتن و نوسینەوە بە کاریدەهێنێت)[2]. زمان تاکە هۆکاری یەکەم و کۆتایی نییە بۆ نزیکبوونەوەو تێگەیشتن، بەڵکو هۆکارێکی راستەقینە و گرنگ بۆ دەربڕین و بۆچوونە هزری، سیاسی، چینایەتی، کۆمەلایەتی، رەگەزی و ئەدەبی... بەڵکو دیاردەیەکی کلتوری و فەرهەنگییە پەیوەندی راستەوخۆی بە پێکهاتەو بونیادی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە گەشەسەندنی زمان بەستراوە بە گەشەسەندنی کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە.

## زمانی فەرمی

بەرلەوەی باس لە زمانی فەرمی بکەین پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم لە دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ دانپێدانراوەو لە دوای زمانی عەرەبی بووەتە دووەم زمانی فەرمی لە عیراقدا. زاراوەی زمانی فەرمی[3] بەچەندین شێوە ئاماژەی پێکراوەو بە زمانی کارگێڕی ناوبراوەو بووەتە زمانی یەکە کارگێڕییەکانی حکومەت و دەزگاکانی چاپ و بلاوکردنەوە کە هەمویان پەیڕەوی لەیەك شێوە نوسین دەکەن ئەو زمانە بەکاردەهێنن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لەهەر ولاتێکدا ئەو زمانە فەرمییەی کە بەکارهات بلێین ئەو زمانە فەرمییە بووەتە زمانی ستانداد، چونکە بابەتی زمانی قسەکردن و نوسین پۆلێن دەکرێت بۆ زمانەکانی (ستاندارد، فەرمی، ئەدەبی، نیشتیمانی، زمانی هاوبەش و نەتەوە، زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، زمانی جوت ستاندارد... هتد)، ئەم جۆرە زمانانە زۆرجار تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن، بۆیە دەبێت لەیەکتر جیا بکرێنەوە، بەلام لێرەدا بە وردی ئاماژەیان پێنادەین و هیچ کام لەمانە ناچنە چوارچێوەی زمانی ستانداردەوە و ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە زمانی فەرمییە.

"زمانی فەرمی بە زمانێك دەوترێ کە وێنەو ناسنامەیەکی یاسایی بە ولاتێك یا حکومەتێك یا هەرێمێك دەبەخشێت، ئەم جۆرە زمانە لە کۆمەڵگەی تاك زمانیدا زمانی نەتەوەیەو لە کۆمەڵگەی جوت زمانی و فرە زمانیدا زمانێکی نشتیمانییەو لە پەرلەمان و دادگا و خوێندندا بەکاردێت، لە زۆربەی رووەکانیشدا لەگەڵ زمانی ستاندارد دا یەکدەگرێتەوە"[4]. یا (زمانی فەرمی ئەو زمانەیە کە لەلایەن زمان بەکارهێنەرانێك لەسەر سەکۆیەك دێتە بەکارهێنان، کە لەوێدا ئاڵوگۆڕی زانیاری و خستنەڕووی بۆچوونی جیاواز دەربارەی بابەتێك دەخرێتە بەرچاو کە جێگەی بایەخی گشتە)[5]. نمونەی زمانی فەرمی لە هەموو ولاتێك هەیە و لە هەندێ ولات جێگەی زمانی ستاندارتی گرتوەتەوە، بۆ نمونە (لە ولاتی سویسرا چوار زمانی فەرمی هەیە، لە بەلجیکا سێ زمان، لە کەنەدا دوو زمان، لەم ولاتانەدا زمانی فەرمی و ستانداردیەکن، بەلام لە هیندستان (٢٢) زمانی فەرمی

---

(1) code

(٢) نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (د)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٥.

(3) official language

(٤) سەلام ناوخۆش (د)، ستاندارد بوونی زمانی کوردی....، لە بلاوکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی، منارە، هەولێر، (٢٠١٠)، ل ٢٤-٢٥.

(٥) غازی عەلی خورشید، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، (٢٠١٢)، ل٣٣.

**هەیە کەچی دوو زمانی ستاندارد هەیە ئەوانیش زمانی ئینگلیزی و زمانی ئوردوە)[1]. جیاواز لەمانە وڵاتی ئەفغانستان دوو زمانی فەرمی هەیە فارسی و پشتو، زمانی فارسی زمانی رەسمی نوسین و کارگێرییە، زمانی پشتو وەکو زمانی کلتوری ئاماژەی پێدراوە هەر لەبەرئەمەشە بوونی زمانی فەرمی لە هەر وڵاتێکدا بوونی زمانی ستاندارد ناگەیەنێت، بەڵام لە وڵاتێکی وەك کەنەدا هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی کە دوو زمانی ستانداردن لەبەرئەوەیە کە زمانی دروستنوسینیان هەیەو لەهەر شوێنێکی دنیا ئەم دوو زمانە بەکارهات تەنها یەك گرامەر و دەستور پەیرەو دەکرێت و وەکو بەکارهێنەرانی کەسانێك بەکاریدەهێنن کە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی زمانی دایکیانە. "زمانی ستاندارد زمانێکی لەقاڵبدراو و تۆمارکراوی سەقامگیری زمانەو خەڵکی وەکو نمونە چاوی لێدەکات و بەکاری دەهێنێت، چونکە زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە کە بە هەموو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیوەو خاوەنی دەستورو فەرهەنگ و لە کارگێڕیدا بەکاردێت، بەڵام لەسەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا رەزامەندی خەڵکی وەرنەگرتوە"[2].**

**بێگومان هەنگاوی یەکەمی چەسپاندنی زمانی ستاندارد ناساندنییەتی وەکو زمانی فەرمی و دواتر لە نێو شێوەزارەکانی ئەو زمانە یەك شێوەزار خۆی دەسەپێنێت و دەبێت بە زمانی ستاندارد یان جارێکی دی بە فەرمی ستانداردبوونی رادەگەیەنرێت، وەکو خانلری ئاماژەی پێدەکات "زمانی ستاندارد یەکێکە لە شێوەزارەکانی کۆمەڵگە، بەحوکمی پێویستی بۆ هۆکاری پەیوەندی نێوان ئەو نەتەوانەی، کە بەشێوەیەك لێکچوونیان لەنێوان دایە بۆ کاروباری رۆژانە و بۆ کاروباری رۆژانە کە لە نێوانیاندا هاوبەشە، بەکاری دەهێنن"[3]. کەواتە لێرەدا ئەو بۆچوونانە پشتڕاست دەکەینەوە کە زمانی فەرمی جێی زمانی ستاندارد ناگرێتەوە. (لەهەمان کاتیشدا زمانی ستاندارد شێوەیەکی پێشکەوتوی شێوەزارێکی زمانە کە لەلایەن قسەپێکەران و کەسانی سیاسی و مامۆستایانی ئاینی و خوێندەوارانەوە پەیڕەو دەکرێت، دواجار هەوڵ دەدات بە تەواوی بچەسپێنرێت)[4].**

**ئەگەر بێینە سەر بە فەرمیبوونی زمانی کوردی لە عیراقدا مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨٥) کە عیراق بووە دوڵەتێکی کۆماری و پاش هەموارکردنەوەی دەستوری عیراق، لە مادەی (٣)ی دەستوردا هاتوە "عەرەب و کورد هاوبەشن لە نیشتیماندا"[5]. ئەم دەستورە دان دەنێت بە مافە نەتەوەییەکان لە عیراقدا، ئەمەش سەرەتای ناساندنی نەتەوەی کورد بوو لە عیراقدا بە فەرمی، ئەمەش لەژێر رۆشنایی ئەم دەستورەدا دان بە زمانی کوردی و کلتورەکەیدا نراوە، بۆیە بەهۆی ئەم دەسکەوتەوە بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کرایەوەو دواتر رێگە درا لە قوتابخانەکانی ناوچەکانی کورستان کوردەکان بە زمانی کوردی بخوێنن. دواتر وردەوردە زمانی کوردی لەنێو دەستوری عیراق و دام و دەزگاکان عیراقدا ناسێنراو لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئاماژەی پێکراو دواتر لە دەستوری ساڵی (١٩٥٧) بەرەسمی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا لەپاڵ زمانی عەرەبیدا دانیپێدانرا، ئەمەش یەکەمجاربوو کە بەرەسمی زمانی کوردی دانیپێدا بنرێت وەك دووەمین زمانی رەسمی لە عیراقدا، بەڵام تەنها لە ناوچە کوردییەکاندا. هەر پەیوەست بە زمانی کوردییەوە دوای**

---

[1] تارق جامباز، یاسای زمانە رەسمییەکان، ل٤.

[2] محەمەد مەعروف فەتاح (د)، زمانی ستاندارد وزمانی ... (٢٠٠٨)، ل ٤٠.

[3] پرویز ناتل خانلری، زبان شناسی و زبان فارسی، چاپ ششم، تهران، توس، (١٣٧٣-١٩٩٤) ص ٨٤.

[4] خسرو فرشیدور، لغت سازی و وضع و ترجمه اصطلاحات علمی و فنی، تهران، (١٣٨٠-٢٠٠١)، ص ٥٦٤.

[5] دستور العراق الموقت، الصادره فی ٢٧ تموز (١٩٥٨).

ئازادکردنی عیراق جارێکی دیکە مەسەلەی بە فەرمی بوونی زمانی کوردی لە دەستوری عیراقدا چەسپاو دواجار لە دەستوری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥) لە مادەی (٤) پەیوەست بە زمانی کوردییەوە هاتوە"زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عیراقدا، مافی سەرجەم عیراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات بەپێی یاسا پەروەردەییەکان یان هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا"[1]، لە راستیدا دەرکردنی ئەم بریارە بۆ کوردو چەسپاندنی لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا گرنگی زۆری هەیە و زمانی کوردی بە هاوتای زمانی عەرەبی دانراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد نەتەوەیەکی سەرەکییە لە عیراقدا بە فەرمی ناساندنەکەی تەنها لە چوارچیوەی ناوچە کوردییەکاندا نەبوو، بەڵکو لە سەرتاسەری عیراقدا دەبێت کاری پێبکرێت. پاڵپشت بە مادەی (٤)ی دەستوری عیراق لە مادەی (١٤)ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتوە کە " زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە هەرێمی کورستان... زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی رەسمین لە تەك زمانی کوردی و عەرەبی، لەو یەکە کارگێڕیانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنن ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت"[2].

(ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە لەکۆی ئەو مادە دەستوریانەی سەبارەت بە فەرمیبوونی زمانی کوردی دەرچووە لەهیچ کام لە بڕگەکانیدا باسی شێوەیەکی تایبەتی لە زمانی کوردی نەکردوە، کە پێ بە زمانی خوێندنەوەو نوسین و نەوتراوە زمانی ستانداردی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرمانجی ناوەڕاسته)[3] یاخود کرمانجی سەروو، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە زمانی کوردی کراوە، کە ئەمەش رەنگە جۆرێك بێت لە خۆ دزینەوە لەسەر دیاریکردنی شێوەزارێك و بە ستانداردکردنی، یاخود رەنگە مەبەستیان ئەوە بێت کە ئیتر پێویست ناکات ئاماژە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕست بدرێت و خۆی بەشێوەیەکی خۆکرد بووەتە شێوەی رەسمی حکومەت و لە پەرلەمانیشدا هەر بەم شێوەزارە یاساکان دەنوسرێن و بڵاودەکرێتنەوە.

## شێوەزار

دوای ناساندنێکی کورتی زمان و زمانی فەرمی ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبکرێت یەکەی بچوکتری زمانی ئاخاوتنە کە بریتییە لە (زار، شێوە، شێوەزار)[4] زۆربەی جاریش لە زمانی کوردیدا زاراوەی دیالێکت کە لە وشەی (dialektos)ی یۆنانیەوە هاتوە بەکاردەهێنرێت، (شێوەزارەکانیش لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆرەو سەردەمانێکیش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان زمانی نوسین و بەرهەمە شعری و ئەدەبییەکان بووە کە زمانی کوردی لە لاوازبوون و فەوتان رزگار کردوە. چونکە خودی زاراوەی دیالێکت لە سەدەی شانزەهەمدا و لە سەردەمی رێنساس بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی سامانی ئەدەبی ناوچەییەوە بەکارهاتوە، بەهۆیەوە لەم سەردەمەدا وشیاری ناوچەیی گەشەی کردوەو هەوڵدان بۆ جیاوازی لەنێوان (زمان و دیالێکت) بە بڵاوی کاری لەسەر کراوە)[5].

---

(1) دەستوری کۆماری عیراق، ئابی (٢٠٠٥).

(2) پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، لەرۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە.

(3) کرمانجی ناوەڕاست لەزۆربەی سەرچاوەکاندا بە ناوچەکانی (سۆران، مورکریان، سلێمانی، کەرکوك)دیاریکراوە، یان لە کرمانجی خوارودا ئاماژە کراوە بە ناوچەکانی (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەهوڕی، گۆرانی) کراوە.

فوئاد محەمەد خورشید. زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافی شێوە زارەکانی. بەغداد: ئافاقی عەرەبی. (١٩٨٥) ل٤٠.

(4) dialect

(5) عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، ئەتڵسی زمان... (٢٠٠٩) ل ١٠. ئەمیش لە بنەڕتدا لەم سەرچاوەیەوە وەریگرتووە:

**زمانناسان لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ زاراوەی دیالێکت کردوە، هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی دیالێکت بریتییە لە لەشێوەی جیاجیای قسەکردن لە یەك زمانداو ئاستی لێکتێگەیشتنێکی زۆر لەنێو ئاخێوەرانیدا هەیەو، ئەوەی شێوەزارێك لە شێوەزارێکی دیکە جیا دەکاتەوە شێوەی قسەکردن و گۆکردنی جیاوازی دەربڕینە کە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگۆڕێت.**

**لەم لێکۆلێنەوەیەدا مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەی لە زمان بچوکتر ئەوەیە شێوەزارێك لە نێو زمانێکی فەرمیدا چۆن دەچەسپێ و جێی خۆی دەکاتەوەو دەیەوێت ببێت بە ستاندارد، زمانی کوردیش زمانێکی فرە دیالێکتەو لەنێو هەموو دیالێکتەکانیشدا شێوەزاری کرمانجی ناوەراست و لەنێویشیدا شێوەی سلێمانی لە هەموویان زیاتر بلاوبووەتەوەو پەرەی سەندوەو بووەتە زمانی نوسین و بەلگەنامە رەسمییەکانی حکومەت و بلاوکراوەو پەخشەکانیش هەر ئەم شێوەزارە بەکاردەهێنن، بێگومان ئەم بەکارهێنانەش هەروا لەخۆوە نییەو مێژویەکی هەیە. (بەپێی ئامارێك لەنێوان سالآنی (١٩٢٠–١٩٨٠) لەکۆی بلاوکردنەوەی (١١١٥) کتێب (١٠٨١) کتێبیان بە شێوەزاری کرمانجی ناوەراست نوسراوەو بلاوکراوەتەوەو تەنها (٢٦) بە کرمانجی ژوورو بووەو (٨) کتێبیش بەشێوەی دیکە بلاوکراوەتەوە)[١]، وەك لە خشتەی ژمارە (١) زیاتر روونکراوەتەوە، بەلام ئەم بلاوکراوانە تەنها لە سنوری کوردستانی باشورو لەچواچێوەی عیراقدا بلاوکراوەتەوە.**

| بابەت | کرمانجی ناوەراست | کرمانجی ژوورو | هی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| کتێب | ١٠٨١ | ٢٦ | ٨ | ١١١٥ |

**خشتەی ژمارە (١)**

**بەلام زۆرجار لەپێناوی دروستکردنی زمانی ستاندارد دا باس لە جوت ستانداری بۆ زمانی کوردی دەکرێت کە لەپاڵ کرمانجی ناوەڕستدا باس لە کرمانجی سەرووش دەکرێت کە هەردوو پێکەوە بکرێن بە زمانی ستانداردی کوردی، هەلبەتە ئەوانەی ئەم بانگەشەیە دەکەن بەهۆی ئەو کتێب و بلاوکراوانەوەیە کە لە دەرەوەی کوردستانی عیراق چاپ و بلاوکراونەتەوە. (بۆ نمونە لە سالی (١٩٢١–١٩٨٠) واتە لە ماوەی (٥٩) سالدا، لە یەکیەتی سۆڤیەت، زۆرتر لە ئەرمەنستان، زیاتر لە ٣٧٧ کتێب بلاوبووەتەوە، بەلام لە کوردستانی عیراق لەماوەی (٦٥) سالدا (٩١٨) کتێب بلاوکراوەتەوە، لەهەمانکاتدا دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، نفوسی کورد لە یەکێتی سۆڤیەت لە سالانی (١٩٢٠) نزیکەی (٦٠) هەزار کەس بووە و لە کوردستانی عێراق نزیکەی نیو میلیۆن بووە واتە کوردی عیراق، زیاتر لە دە بەرابەری کوردی سۆڤیەت بوون، بەلام (٩١٨) کتێبیان بەرانبەر بە (٣٧٧) کتێبی سۆڤیەتیان هەبووە)[٢].**

**تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی زمانەوانیدا ئاماژە بە ستانداردکردنی دوو دیالێکتی یەك زمان بۆ یەك نەتەوە نەکراوە تا ئێمەی کورد تاقی بکەینەوە، بەلام هەلبژاردنی دیالێکتێك لە زمانێکدا بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی ستاندارد لەزۆر ولاتدا بووەتە کێشە، (بۆ نمونە ئەم کێشەیە لە زمانی فەرەنسیدا هەبوو، بەلام دواتر بەهۆی هەژمونی دەسەلاتی پاریسەوە کێشەکە چارەسەر**

Dialectology, J, K, Chambersaun Peter Traudgill, p 3.

[١] قەیس کاکل تۆفیق (د)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چ. یەکەم، موکریان، هەولێر، (٢٠٠٧)، ل ٥٤.

[٢] ئەمیر حەسەن پوور (د)، دەربارەی کێشە هەنوکییەکانی زمانی کوردی، سیمینار، لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆلم، سوید، ٢٠١٢

**کراو شێوەزاری پاریس بووە زمانی ستانداردی فەرەنسی، بەڵام ئەوەی جیی نیگەرانییە تا ئێستا زمانەوانانی کورد نەك دوای دەیان کۆنگرەو کۆنفراسی نێودەوڵەتی)[1] و ناوخۆیی نەیانتوانیوە یەك هەنگاو بنێن بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی، بەڵکو تەنانەت دوای گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنی سەرەتایی بۆ بنەڕەتی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی، نەتوانراوە ناوی پیتەکانی زمانی کوردی بەریزبەندی و بە ئاوازێکی جوان پۆلێن بکرێت و منداڵانی کورد لەبری (A B C D) ئینگلیزی و (أ ب ت ث) عەرەبی (ئا بێ پێ)ی کوردی بلێنەوە، ئەوەی کە ئێستا هەیەو دەوترێتەوە لەسەر بنەمای دەنگەکەیەتی و لەهەموو زمانێکیشدا جیاوازی زۆر لەنێوان دەنگ و پیتدا هەیە. سەرباری هەموو ئەو کەم و کوڕیانە ئێستا لە هەندێ کەناڵی دیکەوە بانگەشە بۆ جۆرە نوسینێکی دیکەی زمانی کوردی دەکرێت کە بە پیتی لاتینییە، کە کەس نازانێت ئەمە لەسەر چ بنەمایەك بەکاردەهێنرێت لە کاتێکدا زمانی نوسینی فەرمی پەرلەمان و حکومەت روونە کە بە چ شێوەیەکە، ئەگەر پاساوی ئەم جۆرە لە نوسین لەبەرئەوەیە کە کوردانی باکور بەشێوەی کرمانجی پیتی لاتین بەکاردەهێنن و پاساو بێت بۆ ئەوەی ئەوان زۆرینەن و زمانی ستاندارد بەو شێوەزارە بێت، ئەوا دوبارە دەکەوینە هەڵەیەکی مێژووییەوە، لەبەرئەوەی ئەو شێوە ئاخاوتنە کرمانجییەی لە کوردستانی باشور بەکاردێت شێوەی بادینییەو ئەوەی لە باکور ئاخاوتنی پێدەکرێت شێوەی بۆتانی و زازاکیە کە هەمان ئەو زمانە شعرییە کە مەلای جزیری و زمانی میرنشینی بۆتان بووە. (ئەم دوو شێوە ئاخاوتنە جیاوازییەکی زۆری گرامەری و وشەیی لەنێوانیان دا هەیە. تەنانەت تا ئەو رادەیەی جیاوازی وشەسازی لەنێوان شێوەی ئامێدی و زاخۆیشدا هەیە، بۆیە باشترین رێگە بۆ دەربازبوون لەم فرە بەکارهێنانی شێوەزارانە بریتییە لە دروستنوسین)[2] و لەمەش گرنگتر ئەوەیە هەوڵێکی کارا بدرێت بۆ بەستانداردکردنی زمانی کوردی بۆ کوردستانی باشور، چونکە چەسپاندنی هەم زمان و هەم نەتەوە وەك دەوڵەت تەنها لەم بەشەی کوردستانەو بەشەکانی دیکەی کوردستان هێشتا لە قۆناغی میللەتدان و وەك نەتەوەیەکی جیاوازو خاوەن فەرهەنگ و زمان مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و پێویستە هەلومەرجە سیاسییەکان لەبەرچاو بگیرێت.**

**زمانە فەرمییەکان**

---

[1] هەوڵەکان زۆربوون بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی نەتەوەو نوسین و خوێندنەوەو جیاوازییەکان یەکبخرێت، لە ساڵی ١٩٣٤ لە کۆنگرەی کوردناسی کوردەکان لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەوڵدرا کرمانجی ژوورو بکرێت بەشێوەی رەسمی. کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان ١٩٥٩-١٩٦٠. کۆنگرەی قوتابیان ١٩٦٠. کۆنفرانسی زمان و ئەدەب ساڵی ٢٠٠٠ لە دەرەوەی وڵات لە (ماڵی ئەدەب) لەشاری بەرلین.کۆنفرانسی زمانی کوردی ساڵی ٢٠٠٨ لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیا لە بەرلین بەسەرپەرشتی کەنەکە بۆ ماوەی سێ رۆژ و دواجار راسپاردەکانیشیان بڵاونەکردەوە. هەروەها بانگەوازی نوسەرو ئەدیب و ئەکادیمیای کورد لە ٢٠٠٨/٤/١٥ لە سلێمانی، کۆنفرانسی زمانی فەرمی رۆژانی ٢١-٢٠٠٩/١٢/٢٣ لەشاری هەولێر، لەم کۆنفرانسەدا دوای مشتومڕێکی زۆری سێ رۆژە چۆن چوونە ژوورەوە هەرواش بێ ئەنجام هاتنە دەرەوە. کۆنگرەی زمان و پەروەردە ساڵی ٢٠١٠ لە برۆکسل. کۆنفراسی کلتوری کوردی ٢٠١١ لە بەرلین بۆ ماوەی یەك مانگ بە بەشداری ٤٠ رێکخراوی کوردی و ئەڵمانی کە تێیدا بەشداربووان داوای جوت ستاندارتیان دەکرد بۆ زمانی کوردی. هەروەها کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی ٢٠١١/٩/١٩ لە هەولێر.

کۆنفراسی زانستی بەکارهێنانی زمان لە زانکۆی راپەرین لە رۆژانی ٢٢-٢٠١٢/٩/٢٤ لە شارۆچکەی قەڵادزێ، یەکێك لە راسپاردەکانی ئەم کۆنفرانسە دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بوو بە فەرهەنگی کوردی هاوشێوەی ئۆکسفۆرد، کە ئەرکی دانای فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگە پسپۆڕییەکانی بکەوێتە ئەستۆ.

[2] محەممەدی مەحویی (د)، مەنامە، دەروازەی یەکەم، سلێمانی، (٢٠١٧).

وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان بە زمانی فەرمی کرد، لە زۆربەی ولاًتانی دنیادا زیاتر لە زمانێکی فەرمی هەیەو زمانی فەرمیش جیاوازە لە زمانی ستانداردو زمانی نێودەولەتی، ئەو زمانەی کورد کە لە چوارچێوەی عیراقدا بە فەرمی ناسێنراوە هێشتا نەبووەتە زمانی ستانداردو تا ئێستاش ڕێنوسێکی ڕێکوپێکی نوسینی یەکگرتووی نییە.

"بوونی زمانی فەرمی لە هەر ولاًتێکدا ناتوانیٚ ببیٚ بە جێگرەوەی زمانی نوسین و زمانی بالاّ، بۆ نمونە لە هیندستان دەیان زمانی فەرمی هەیە بەلاّم تەنها زمانی ئینگلیزی و ئوردو زمانی ستانداردی ولاًتن، ئەفریقای باشور زیاتر لە دە زمانی فەرمی هەیە، عیراق دوو زمانی فەرمی هەیەو یەکیان ستانداردە"[1]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوەکانی کلدان و ئاشوری و تورکمان دەتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن.

کەواتە ئەمە ئەوە دەردەخات کە لە دەولەتێکدا دەکرێت چەند زمانی ستاندارد هەبێت، بەلاّم هیچ ڕەوا نییە لە دەولەتێکی فرە نەتەوەدا وەك ولاًتانی (ئێران، تورکیا، سوریا) تەنها یەك زمانی فەرمی هەبێت، تەنانەت ئەوەش گونجاو نییە کە لەنێو حکومەتێکی فیدرالدا نەتەوەیەك ببێتە خاوەنی دوو زمانی ستانداردی کە لە بنەڕەتدا هەردوکیان دوو شێوەزاری یەك زمانن، پێشتر لە چەند کۆنفراسێدا ئەم مەسەلەیە جێی مشتومڕ بووەو هەر ئەمەش بووەتە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو کۆنفرانسانە. زۆربەی شارەزایانی زمان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە زمانێکی فرە دیالێکتدا یەك دیالێکت کە لەهەموویان لەڕووی مێژوویی، ئاینی، سیاسی و پەخش و وەشاندنەوە لەپێشترە، ئەوە بکرێتە زمانی فەرمی نوسین و ستاندارد، هەروەها لە ولاًتێکی فرە نەتەوەو فرە زماندا ئاساییە کە چەند زمانێکی ستاندارد هەبێت نەك چەند شێوەزارێکی ستانداردی یەك زمان، بەلاّم دەگونجیٚ کە شێوەزارەکان لەڕووی وشەسازییەوە سود لەیەکتری وەربگرن و وشەنامەی (فەرهەنگ) بیٚ دەولەمەند بکرێت، بۆ نمونە کە دەلێین لەبارترین شێوە بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی کرمانجی ناوەراستە، بەلاّم گونجاوترین شێوەش شێوەی سلێمانییە[2]و، بۆ پڕکردنەوەی لایەنی کەموکوورییە وشەییەکانیشی دەتوانریٚ هەم سود لە شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی وەربگرێت هەم ئەو وشانەی (لە دیوانە شعرییەکانی شێرکۆ بێکەس کە زیاتر لە (٢٠٠) وشەی نوێی هێناوەتە نێو شێوەی سلێمانییەوە وەربگیرێت)[3]، بەلاّم لەدوای سالاًنێکی زۆر زمانی کوردی لە وشەی بێگانە پاککرایەوە. (بەپێی لێکۆلێنەوەیەك دەرکەوت کە لە سالّی (١٩٢٤-١٩٣٩)، وشەی خوازراو لە چاپەمەنی کوردستانی عیراق دا، لە (٤٦٪) بووە، لە سالّی (١٩٣٩-١٩٥٨)، بوو بە (٩٪) واتە وشەی بێگانە لەنێو زمانی کوردی تەواو کەم بوویەوە بەشێوەیەك تا سالّی (١٩٥٨) زمانی کوردی زۆر پەتی کراو لە سالّی (١٩٥٨-١٩٧٣)، وشەی خوازراو بوو بە (٤.٤٪) دا، واتە زمانەکە یەکجار زۆر پەتی کرا! بەم بژارکردنەی زمانی کوردی، زمانەکەی لەڕووی وشەسازییەوە هەژار کرد)[4].

ئەگەر بڕوانینە ئەو زانیارییانەی کە پەیمانگای تەکنەلۆژی ماساچۆست (MIT)[5] ، کە سالاًنە زانیاری وردو هاوبەش لەسەر زمانەکان بلاًودەکاتەوە، کە زمانەکان چۆن و بە چ شێوەیەك وشەیان لەیەکتری وەرگرتووەو وشەسازی زمانەکەی

---

(1) جەعفەر شێخولئیسلامی (د)، زمانی ستانداردو زمانی یەکگرتو... هاولاًتی، ژ (٤٣٦)، ٢٠٠٨/٧/٢، ل ١٧-١٩

(2) محەمەدی مەحویی، سەرچاوەی پێشو ل٤٤.

(3) لوقمان ڕەئوف عەلی (د)، شوناسی شیعریی شێرکۆ بێکەس،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، (٢٠١٧).

(4) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە تێزی دکتۆراکەی جەمال جەلال عەبدولّا.

(5) Massachusetts Institute Technology

پێدەوڵەمەند کردوە ، بۆ نمونە سەبارەت بە پێکهاتەی زمانەکان ئاماژە بە چەند زمانێك دەکات کە چۆن وشەیان لەیەکتر وەرگرتوەو بەکاریدەهێنن بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێبکرێت یان شەرم بکەن لە بەکارهێنیان، کە ئەمەش لە زانستی زمانناسیدا پێیدەوترێ قەرزگیری[1]:

- زمانی ئینگلیزی (١٩٪)ی وشەکانی لە زمانی تورکییەوە وەرگیراوەو، (٨٣٪)ی وشەکانی رەگی بنەڕەتی خۆی هەیە.
- (٣٩٪)ی وشەی زمانی ئیتالی و (١٧٪)ی وشەی زمانی ئەڵمانی و (٩٪)ی وشەی زمانی فەرەنسی لە زمانی تورکییەوە وەرگیراون.
- زمانی تورکی (٢٪)ی وشەکانی لە زمانەکانی ئیتالی، فەرەنسی و ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.
- زمانی فارسی (٩٢٪)ی وشەکانی لە زمانی عەرەبی و تورکییەوە وەرگیراون و ئەوانەی تریشی بەبێ هیچ فۆرمێك دروستبووەو، لەهیچ زمانێکی نێودەوڵەتیشدا یەك وشەی زمانی فارسی بوونی نییە.
- (١٠٠٪) وشەی زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی و تورکی خاوەنی رەگێکی بەهێزن لە رووی وشەسازییەوە[2].

هەروەها جگە لەم زانیاریانە ئاماژە بە بەرهەمهێنانی رستە دەکات، کە لە هەندێ لە زمانەکاندا لە دەربڕینی رستەدا لێڵی[3] تێدایە یان لەرووی دەربڕنەوە لاوازن، بۆ نمونە "رستە لە زمانی تورکیدا (٢٪) لێڵی تێدایە واتە ئەگەر هاوڵاتییەکی بیانی لەڕێی کتێبەوە فێری زمانی تورکی بووبێت کاتێك دەچێتە ئەو وڵاتەوە کێشەی تێگەیشتنی نابێت، رستە لە زمانی ئینگلیزیدا (٠.٥٪) لێڵیی تێدایەو زمانی فەرەنسی نزیکەی (١٪) و زمانی فارسی (٦٧٪) لێڵی تێدایە واتە ئەو کەسەی لەڕێی کتێبەوە فێری زمانی فارسی بووە کاتێك دەچێتە ئەو وڵاتەوە ناتوانێ تێبگات تەنها بەوشێوەیە نەبێت کە ماوەیەك لە ئێران مابێتەوە، ئەمەش وەك خاڵی لاواز ئاماژەی پێکراوە، هەروەها لێڵی رستە لە زمانی عەرەبیدا بەرێژەی (٨–٩٪) ئاماژەی پێکراوە"[4].

بەپێی ئەو داتایانەی کە (MIT) بلاویکردوەتەو زمانی کوردی هیچ کام لەم کێشانەی نییەو پیتەکانی چۆن دەنوسرێت هەرواش دەخوێرێنەوەو نزیکییەکی تەواو لەنێوان قسەکردن و نوسیندا هەیەو لە بەرهەمهێنانی رستەشدا لێڵییەکی ئەوتۆی تێدا نییەو خاوەنی وشەسازییەکی بەهێزەو ژمارەی وشە وەرگیراوەکانی ئەوەندە زۆر نییە کە ببێتە هۆی لێڵی زمانی لە

دامەزراوەی ماساچۆست لەساڵی ١٨٦١ دامەزراوەو ناوەندێکی ئەکادیمی جیهانییەو کارەکانی لە ئەوروپاو ئەمریکا دەکات لە پێنج قوتابخانەی جیاواز پێکهاتوەو یەکێکیان تایبەتە بە بواری زمانەوانی و لە لایەن چەندین زمانناسەوە بەڕێوە دەچێت و ساڵانە نوێترین زانیاری بەسەر زمان و زانستی زمان بلاودەکاتەوە.

(1) borrowing

(2) language.media.mit.edu

هەروەها ئەم بابەتە لە هەردوو گۆڤاری ( New Science) چاپی ئەمریکاو (International Language)چاپ ئەڵمانیا بلاوکراوەتەوەو لەم ماڵپەڕە بە زمانی فارسی بلاوکراوەتەوە cloop.com/turmen_empire بە ناونیشانی (جایگاه زبان ترکی و بررسی ان در مقایسه با سایر زبانها).

(3) ambiguous

(٤) سەرچاوەی پێشوو.

دەربڕینی رستەدا، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین زمانی ئیسپانی و کوردی زۆر لەیەکدەچن، چونکە پیتەکانی چۆن دەنوسرێ هەرواش دەخوێنرێتەوە.

**زمانە زیندوەکان**

زمانی زیندو لەسادەترین پێناسەیدا بریتییە لەو زمانەی کە خاوەنی ژمارەیەك ئاخێوەرەو قسەی پێدەکەن، بەو زمانەشی کە تەنها دوو ئاخێوەری ماوە (زمانی ئایاپانکۆ کە لە گوندێکی نزیك لە شاری مەکسیکۆ سیتی تۆمار کراوە بە زمانێکی زیندوو هەژمار دەکرێت)[1]. بەلاّم لە ئێستادا زاراوەی زمانی زیندو بەو زمانە دەوترێت کە هەنوکە لە جیهاندا بووەتە زمانی نێودەوڵەتی و لەزۆربەی ولاّتانی جهان قسەی پێدەکرێت و چەندین ولاّتیش ئەو زمانەیان وەکو زمانێکی رەسمی ولاّتەکەیان ناساندوە لە کاتێکدا زمانی نەتەوەیی خۆشیان نییە، وەکو زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی کە ئەم زمانانە توانیویانە هەژمونی خۆیان لە چەندین ولاّتدا بسەپێنن، بەلاّم زمانی ولاّتی چین تا ئێستا زۆرترین ئاخێوەری هەیە کە زمانی دایکی نزیکەی ١.١ ملیارد ئاخێوەرە لە چین، سەنگافورەو چەند ولاّتێکی تر، زمانی چینی ماندارین بەم هەموو ئاخێوەرەوە نەیتوانیوە ببێ بە زمانێك کە هەژموونی خۆی وەك زمانێکی نێودەوڵەتی بسەپێنێت.

کاتێك باس لە زمانی نێودەوڵەتی دەکرێت ئاماژە بە زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی دەکرێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانی ئینگلیزی زمانی دووەمی زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوییەو ئاخێوەرێکی زۆری هەیەو زۆربەی هەرەزۆری دەقە زانستی، بازرگانی، ئابوری و بەشێکی گرنگ لە رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی بلاّودەکرێتنەوە، جگە لەمانە گەشەی زمانی ئینگلیزی بە دەرەوەی بەریتانیا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە وردەوردە بە ناونیشانی زمانی سەرەکی و بنەڕەتی لە ئەمیرکاو کەنەدا ناسرا، هەروەها گەشەی خێرای ئابوری ئەمریکا و کاریگەری لەسەر ولاّتانی جیهانی بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم بە شێوەیەکی خێرا دەرکەوت.

ئێستا ئەوەی بووەتە پێوەر بۆ ناساندنی زمان کە پیێ بەزمانی نێودەوڵەتی پەیوەندی بە ژمارەی بەکارهێنەرانی زمانی دایکەوە نییەو پێوەرەکان گۆڕاون، زمان دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتییە هەندێ زمان ئەگەرچی ژمارەی ئاخێوەرانی کەمە، بەلاّم لەریزبەندی پێشەوەی زمانە جیهانییەکاندایەو نمونەش زمانی کوردییە کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتەو توانیویەتی لە پلەی سی و یەکەمدا بێت، کە دواتر ئاماژەی پێدەکیەین.

بەپێی توێژینەوەیەکی (لویی ژان کالڤی[2]) فەرەنسی کە چەندین ناوەندی نێودەوڵەتی ئاماژەیان پێکردوە، چەند زمانێکی نێودەوڵەتی خستوەتەڕوو کە ئەمڕۆ بوونەتە جێی بایەخی زمانەوانان و بەراوردکردنیانە بە زمانەکانی دیکەو دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و جیاوازی دەستوریو گرامەری لەچوارچێوەی ئەو دەستورە جیهانییەی[3] کە چۆمسکی ئاماژەی پێکردوە. (لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی زمانی دایکی نزیکەی (**٣٧٥**) ملیۆن کەسە لەسەرتاسەری جیهاندا کە سێیەم زمانی دایکە لە جیهاندا، لەدوای زمانی چینی ماندارین و ئیسپانی کە ریزبەندی یەکەم و دووەمیان هەیە)[4].

---

(1) رۆژنامەی هەمشەهری، زمانێکی کۆن و دوو ئاخێوەر، **٢٠١٥/٥/١٥**.

(2) پرۆفیسۆر و تیۆردانەری بەناوبانگی بواری زمانناسی لە زانکۆی پاریس.

(3) Universal grammar

(4) le français dans le monde no 355 janvie 

**بەپێی هەرسێ کۆزانین نامە یا زانستنامەی[1] (حقایق العالم، انکارتا، انتولوج) سەبارەت بە زمانە نێودەوڵەتییەکان چەندین زانیاری جۆراوجۆری خستوەتەڕوو، لەوانە لەسەر بنەمای خوێندەواری و ئاخێوەرانی ئەوانەی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم بەکاردەهێنن ژمارەیان (٤٧٠ملیۆن – ١ملیارد) کەس مەزندە کراوە کە لە ولاّتانی ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، ئوستورالیا، نایجریا، ئێرلەندا، ئەفریقای باشور و نیوز لەندا، کە ئەمانە کۆمەڵە ولاّتێکن زۆرترین ژمارەی ئاخێوەری زمانی ئینگلیزیان تێدایە.**

**دوای زمانی ئینگلیزی زمانی ئیسپانی زۆرترین ئاخێوەری هەیە کە لەنێوان (٤٠٠–٥٠٠) ملیۆن کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بەکاریدەهێنن و زیاتر لە (٢٠) ولاّت قسەی پێدەکرێت، سەرەڕای ئیسپانیا لە ولاّتانی بەریتانیا، فەرەنساو ئەڵمانیا لایەنگرانی زۆری ئەم زمانە بەدیدەکرێت.**

**زمانی فەرەنسیش یەکێکی دیکەیە لە زمانە جیهانییەکان و زمانی قسەکردنی (٢٧٠) ملیۆن کەسە لەسەرتاسەری جیهاندا نزیکەی (١١٠) ملیۆن کەس وەکو زمانی دووەم سود لەم زمانە وەردەگرن و ئەم زمانە زمانی فەرمی (٣٠) ولاّتە لە جیهاندا، ئەم زمانە لە کەنەدا، ویلایەتی کیوبك، بەلژیکا، سویسرا، لۆکسەمبۆرگ، مۆناکۆ و بەشێك بەشێك لەویلایەتەکانی دیکەی ئەمریکا.**

**جگە لەم زمانانە زمانی عەرەبی لە ناوچەی خۆرهەلاّتی ناوەڕستدا زۆرترین ئاخێوەری هەیەو زمانی دایکی زیاتر لە (٨٠) ملیۆن کەسە لە جیهاندا کە زۆربەیان لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکور دان، زمانی عەرەبی ژمارەیەکی زۆری وشەی بە زمانەکانی وەك (فارسی، ئوردو، تورکی) بەخشیوەو ئەم زمانە بە زمانی ولاّتانی عەرەبی ئیسلامی ناسراوەو زمانی فەرمی (٢٢) ولاّتە.**

**هەروەها ئەو زمانانەی لە خشتەی (٢) روونکراوەتەوە (٨٠٪) دانیشتوانی زەوی بەم دە زمانە قسە دەکەن:**

| ز | زمان | ژ. ئاخێوەر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئینگلیزی | ٨ر١ ملیارد | ٢٥٪ |
| ٢ | چینی ماندارین | ٣ر١ ملیار | ١٨.٠٥٪ |
| ٣ | هندی | / | ١١.٥١٪ |
| ٤ | عەرەبی | / | ٦.٦ ٪ |
| ٥ | ئیسپانی | ٤٠٠ ملیۆن | ٦.٢٥٪ |
| ٦ | روسی | / | ٣.٩٥٪ |
| ٧ | پرتوگالی | / | ٣.٣٦٪ |
| ٨ | بەنگالی | / | ٣.١٩٪ |
| ٩ | فەرەنسی | / | ٣.٠٥٪ |
| ١٠ | ئەڵمانی | / | ٢.٧٧٪ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

١) طبقه بندی زبانها، ایجادی نظم در بی نظمی.... ترجمه از زبان فرانسه، علی بلخکانلو، ص٤٥. **ئەم بابەتە لەم ماڵپەڕەدا بە زمانی فارسی بلاّو بووەتەوە:** http://widget.yodawork.com/book/viewer.aspx?l90370461&bookshop

**بەپێی سەرژمێری ڕێکخراوی یونسکۆ[١] و ناوەندی ئێرلەنی[٢] بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی ئاماژە بە (٧١٠٢) زمانی تۆمارکراو کردوە و لەنێویاندا ئاماژە بە ئەگەری لەناوچوونی (٦٠٠٠) زمان دەکات و شەش ئاستی بۆ ئەو زمانانە دیاریکردوە کە ئەگەری مانەوەیان مسۆگەر دەکات، ئەو زمانانەی کە نەوە دوای نەوە دەگوازرێنەوە هیچ مەترسییەکی لەناوچونیان لەسەر نییە، هەروەها دە زمانیشی لە ڕیزبەندی یەکەمدا داناوەو جیاواز لەو خشتەیەی سەروە ئاماژە بە زمانی ژاپۆنی لە پلەی نۆیەمدا بە (١٢٥) ملیۆن ئاخێوەر کردوە.**

**هەموو زمانەکان لە یونسکۆ تۆمارکراون و ئەو دە زمانەی وەکو زمانێکی زیندو تۆمارکراون و توانای نوێبوونەوەیان خێراترە بەهۆی بەکارهێنانیانەوە، یونسکۆ حەوت زمانی (نێودەوڵەتی) فەرمیی جیهانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، عەرەبی، روسی، چینی و تورکی) دیاریکردوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە زۆربەی هەرەزۆری سەرچاوەکاندا ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە زمانی روسی و تورکی وەکو زمانێکی نێودەوڵەتی نەکراوە. لە هەمانکاتشیدا ئەو ڕێکخراوە ئاماژە بە (١٠٠) زمان دەکات کە دانیشتوانی زەوی زیاتر بەکاریدەهێنن و پێوەرەکانی یونسکۆ بۆ ئەوەی زمانێك ببێ بە زمانێکی نێودەوڵەتی ئەوەیە، کە پێویستە لایەنی کەمی زمانی فەرمی حەوت دەوڵەت بێت وەکو زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی، ئیسپانی و تورکی، یاخود دەبێت ژمارەی قسەپێکەرانی ئەو زمانە لە (٥٠٠) ملیۆن کەس کەمتر نەبێت وەك زمانی روسی و چینی.**

**پێگەی زمانی کوردی**

**بەپێی ئەو زانیاریانەی ئاماژەمان پێکرد زمانی کوردی پێگەیەکی ئەوتۆی نییەو ناسینی ئەم زمانە زیاتر پەیوەستە بە مەسەلە نەتەوەیی و سیاسییەکانەوە تاوەکو زیاتر پەیوەست بێت بە بابەتی زمانی و لێکۆڵینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی لە ناوەندە ئەکادیمییە نێودەوڵەتییەکانەوە، لە جیهاندا (٤٧٢) یاسای زمان هەیەو (١٩٣) وڵات لە نەتەوە یەکگرتوەکان دانیان پێدانراوەو کوردیش وەك نەتەوەیەکی بێدەوڵەت ئێستا لە دەزگای خزمەتگوزاری پەروەردەیی جیهانی(ETS)[٣] کۆدی ژمارە (٣٤٢)ی لەناو (١٤٣)زمانی زیندوی دنیادا هەیە.**

**ڕیزبەندی زمانی کوردی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە:**

- **بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٥) کە کورد بە (٢١) ملیۆن کەس هەژمار کراوەو ژمارەی کورد لە وڵاتانی ئەوروپی لەنێو ئەو سەرژمێرییەدا نییە، هەر لەسەر ئەم بنەمایە زمانی کوردی بە (٤٠)مین زمانی دنیا دانراوە[٤]، هەروەها بەپێی ئینسکوپیدیای نیشتیمانی سویدی بۆ ڕیزبەندی زمانە جیهانییەکان ئاماژە بەزمانی کوردی دەکات لە پلەی (٥٩)مین زمانی جیهانە کە دەکاتە (٠.٣١٪)ی دانیشوانی جیهان کە بەم زمانە قسە دەکەن[٥].**

---

(1) Atlas of the World's Languages in Danger, UNESCO, p 4

(2) http://irisharoundoz.com/blog/2015/11/16/most-spoken-languages-in-the-world/

(3) Educational Testing Service

ئەم دەزگایە دەزگایەکی زانستی ئەمریکییەو کاردەکات بۆ بەرەوپێشبردنی پەروەردەو فێرکردن لەسەر ئاستی جیهان، یەکێك لە سودەکانی ئەم کۆدەش بریتییە لەوەی کە دەزگا زانستییەکانی جیهان دان بە زیندوێتی زمانی کوردیدا دەنێت.

(٤) ئەمیر حەسەن پوور (د)، دەربارەی کێشە هەنوکییەکانی زمانی کوردی، سیمینار، لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، سوید، (٢٠١٢)

(5) http://www.newworldencyclopedia.org/p/index.php?search=+ranking+all+languages

- (لویی ژان کالڤ) لە توێژینەوەیەکیدا که دەربارەی زمانی (بابلی)یە وەکو کۆنترین زمان ئاماژەی پێکردوەو لە کتێبی پیرۆزیشدا ناوی هاتوە، نوسیویەتی کە لەجیهاندا نزیکەی (٧٠٠٠) زمان لە (٢٠٠) ولاَتدا بوونی هەیەو بەشێوەیەکی ناوەندی هەر ولاَتێك (٣٥) زمانی بەردەکەوێت، بەلاَم ئەم نێوەندگیرییە دروست و ئەکادیمی نییەو زۆرێك لە ولاَتان فرە زمان و فرە نەتەوەن بە پێچەوانەشەوە، لە ولاَتانی وەکو مەکسیك و کامیرۆن و کۆنگۆ فرە زمانن، لە چەندین ولاَتیش فرە زمانی بوونی نییە، هەروەها لەکۆی سێ قارەی (ئەفریقا، ئاسیا، ئەورروپا) ڕێژەی فرە زمانی زۆر دیارو ئاشکرایە، لە ئەفریقا (٣٠٪)ە، ئاسیا (٣٣٪)ەو ئەورپا (٣٪)ە[١].

ناوبراو سەبارەت بە ریزبەندی زمانەکانی دنیا ئاماژە بە (٨٨) زمانی دنیا دەکات و زمانی کوردی لەپلەی (٣١)ی ریزبەندییەکەدا داناوە، بۆ ئەمەش لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بە چەندین پێوەر کردوە، لەوانە: ژمارەی ئاخێوەر، بەکارهێنانی ئینتەرنێت، ژمارەی ئەو ولاَتانەی کە ئەو زمانە بەکاردەهێنن، وەرگێڕان، بەرهەمهێنانی فیلم کتێب و مۆسیقا، کاندیدانی خەلاَتی نۆبڵ، هاوسەنگی گەشەی دانیشتوان، دانانی پرۆگرامی تەکنەلۆژی،... هتد.

یەکێکی دیکە لەو ریزبەندیانەی کە ئاماژەی پێکراوە بریتییە لە شوێنی زمانەکان بەپێی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ریزبەندییەکە لە خشتەی ژمارە (٣) روونکراوەتەوە[٢]:

| ئینگلیزی | چینی | ئیسپانی | ژاپۆنی | ئەڵمانی | فەرەنسی | کۆری | ئیتالی | پرتوگالی | مالایی | هۆڵەندی | عەرەبی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٪٣٥.٢٠ | ٪١٣.٧٠ | ٪٩ | ٪٨.٤٠ | ٪٦.٩٠ | ٪٤.٢٠ | ٪٣.٩٠ | ٪٣.٣٠ | ٪٣.١٠ | ٪١.٨٠ | ٪١.٧٠ | ١.٧٠ |

خشتەی ژمارە (٣)

یەکێکی دیکە لە ریزبەندییەکانی زمان بەپێی دابەشکردنی خەلاَتی نۆبڵە وەك لە خشتەی ژمارە (٤) روونکراوەتەوە[٣]:

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئینگلیزی | فەرەنسی | ئەڵمانی | ئیسپانی | روسی | ئیتالی | سویسری | دانمارکی | چیکی | هۆڵەندی | پۆڵەندی | ژاپۆنی |

خشتەی ژمارە (٤)

پۆلێنکردن و ریزبەندیکردنی زمانەکان و هەڵسەنگاندنیان لایەنێکی گرنگی هەریەك لەو زمانانە دەردەخات، ئەو زمانانەشی بوونەتە خاوەن ریزبەندییەکی گرنگ لە لیستەکاندا هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو زمانانە زمانی زانستن و توانیویانە بچنە نێو ململانێ جیاوازەکانی دنیای پێشکەوتنی ئەمڕۆی جیهانییەوەو تەنها بەکاربەر نەبن، بەڵکو هەم بەرهەمهێنەر بن و هەم بەکاربهێنرێن، بەلاَم بوونی زمانی کوردیش لەو ریزبەندیانەدا بۆخۆی گرنگی زۆری هەیەو ئومێدی ئەوەمان پێدەبەخشێت کە زیاتر لە زمانەکەماندا قوڵبینەوەو هەوڵبدەین توێژینەوە زانستییەکانمان بگەیەنینە ناوەندە

(١) طبقه بندی زبانها، ایجادی نظم در بی نظمی.... ترجمه از زبان فرانسه، علی بلخکانلو، **سەرچاوەی پێشوو**.

(٢) **سەرچاوەی پێشوو.**

(٣) **سەرچاوەی پێشوو.**

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٢ حزيران ٢٠١٧: ص ص ١٧٢-١٨٧
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**ئەکادیمیە جیهانییەکان، کە دواجار ئەوە بۆ ئەکادیمیای جیهانی یەکلایی ببێتەوە کە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت توانیویەتی تا ئەو ئاستە زمانەکەی بەرەوپێش ببات.**

**ئەنجام**

- **زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی تەنها لە کوردستانی باشور لەچوارچێوەی عیراقدا وەك زمانێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و سەرەڕای قەدەغەکردنی لەچەند ولاتێك هێشتا زمانی کوردی لە گەشەکردندایە.**
- **زمانی کوردی بە یەکێك لە زمانە زیندوەکانی دنیا دادەنرێت و لەریزبەندی نیوەی یەکەمی زمانەکاندایەو، کۆدی ژمارە (٣٤٢)ی لەنێو (١٤٣) زمانی زیندوی دنیای لەلایەن دەزگای خزمەتگوزاری تاقیکردنەوەی پەروەردەیی جیهانیەوە پێدراوە.**
- **لەنێو کۆمەڵگەی تاك زمانی فرە دیالێکتدا تەنها یەك شێوەی زمان دەبێتە زمانی یەکە کارگێڕی و بەڵگەنامە رەسمییەکان، مەرج نییە بۆ بە ستانداردبوونی ئەو شێوەیە یاسا دەربکرێت تا ببێت بە زمانی ستاندارد، بەڵکو ئەو شێوەیە هەر خۆی دەتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر شێوەزارەکانی دیکەدا بسەپێنێ، وەك چۆن زمانی ئینگلیزی لە ئەمریکا بەبێ ئەوەی لەدەستوردا ئاماژەی پێکرابێت بووەتە زمانی فەرمی.**
- **لە ئێستادا هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی لەباری هەیە بۆ ئەوەی زمانی فەرمی بکاتە زمانی ستاندارد و شێوەی کرمانجی ناوەراستیش باشترین بژاردەیە بۆ ئەم ناوچەیەو کۆمەڵێ هەنگاوی باشی بڕیوەو بووەتە زمانی حکومەت و پەرلەمان و بەڵگەنامە رەسمییەکان، ئەگەر لە ئێستاشدا نەتوانرێت شێوەزارێك بۆ زمانی ستانداردی کوردی یەکلایی بکرێتەوە، ئەوا دەکرێت شێوەیەکی یەکگرتووی نوسین پەیڕەو بکرێت لە کوردستانی باشورو ببێتە بنەما بۆ دروستکردنی قاڵبی تەواوی زمانە، کە دواجار بەشێوەیەکی خۆکرد ببێ بە زمانی ستاندارد.**

## سەرچاوەکان

**زمانی کوردی**

**١- ئەمیر حەسەن پوور (د)، دەربارەی کێشە هەنوکییەکانی زمانی کوردی، (٢٠١٢)، سیمینار، لە کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم، سوید.**

**٢- تارق جامباز، یاسای زمانە رەسمییەکان، گ. پارێزەر، (٢٠٠٣)، ژ. (٥-٦).**

**٣- جەعفەر شێخولئیسلامی (د)، زمانی ستانداردو زمانی یەکگرتو... هاوڵاتی، ٢٠٠٨/٧/٢، ژ (٤٣٦).**

**٤- دەستوری کۆماری عیراق، ئابی (٢٠٠٥).**

**٥- سەلام ناوخۆش (د)، ستاندارد بوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەت و سیایەتی زمانی، (٢٠١٠)، لە بلاۆکراوەکانی رێکخراوی زمانناسی، منارە، هەولێر.**

**٦- عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد، ئەتڵسی زمان هەرێمی کوردستان، (٢٠٠٩)، وەك نمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.**

**٧- غازی عەلی خورشید، زمانی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان، (٢٠١١)، سەردەم سلێمانی.**

**٨- فوئاد محەمەد خورشید. زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافی شێوە زارەکانی، (١٩٨٥)، بەغداد: ئافاقی عەرەبی.**

**٩- قەیس کاکل تۆفیق (د)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، (٢٠٠٧)، چ. یەکەم، موکریان، هەولێر.**

**١٠- لوقمان رەئوف عەلی (د)، شوناسی شیعریی شێرکۆ بێکەس،(٢٠١٧)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.**

**١١- محەمەد مەعروف فەتاح (د)، زمانەوانی، (١٩٩٠)، دار الحکمە، بەغدا.**

**١٢- محەمەد مەعروف فەتاح (د)، زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتووی کوردی، (٢٠٠٨).**

**١٣- محەمەدی مەحویی (د)، مەنامە، دەروازەی یەکەم، (٢٠١٧)، سلێمانی.**

**١٤- محەمەدی مەحویی، (د)، زمان و زانستی زمان، سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، (٢٠١١)، بەرگی یەکەم، سلێمانی.**

**١٥- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (د)، زمانی ستانداردی کوردی، (٢٠١٣)، چاپی یەکەم، هەولێر.**

**زمانى فارسى**

١- پرويز ناتل خانلرى، زبان شناسى و زبان فارسى، (١٣٧٣–١٩٩٤)، چاپ ششم، تهران، توس.

٢- خسرو فرشيدور، لغت سازى و وضع ترجمه اصطلاحات علمى و فنى، (١٣٨٠–٢٠٠١)، تهران.

٣- روزنامه همشهرى، زبان قديم تسلط دونفر ، ٢٠١٥/٥/١٥.

٤- طبقه بندى زبانها، ايجادى نظم در بى نظمى زبان بابلى،(١٣٩٣)، ترجمه از زبان فرانسه: على بلخكانلو.

**زمانى عەرەبى**

**دستور العراق الموقت، الصادره فى ٢٧ تموز (١٩٥٨).**

**زمانى ئينگليزى**

1. Atlas of the World's Languages in Danger, UNESCO, p 4
2. Dialectology, J, K, Chambersaun Peter Traudgill, p 3.
3. le français dans le monde no 355 janvie

**هەروەها سود لەم وێب سايتانە وەرگيراوە:**

http://widget.yodawork.com/book/viewer.aspx?l90370461&bookshop
http://irisharoundoz.com/blog/2015/11/16/most-spoken-languages-in-the-world
http://www.newworldencyclopedia.org/p/index.php?search=+ranking+all+languages
mit.edu/department/global-studies-and-languages